
مامۆستا حەسەن قزڵجی لە چێشتی مجێوردا




**بە بۆنەی کۆڕیادی ١٠١ مین ساڵڕۆژی لە دایک بوونی مامۆستا حەسەن قزڵجی**

**ئامادەکردنی: فارووق فەرهاد نوامبری ٢٠١٦ کۆڵن ـ ئاڵمان**

لەسەرەتای کۆمەڵەی " ژ.ک "، چاپخانەیەکی دەستی چکۆڵەی هەرزانمان کریبوو. رووسان بەناوی یارمەتی فەرهەنگی، چاپخانەیەکی گەورەیان داینێ کە ڕۆژنامەی پێ چاپ بکەین و بۆ هەر کارێ دەرکاری بێنین. چاپخانە چکۆڵەکە درا بە بۆکان، دەگەڵ کاک " حەسەنی قزڵجی " چەند نەشرە و نوسراومان پێ چاپ کرد و گۆڤاری " هەڵاڵە "مان دەرخست. هەوەڵ ژمارەمان بۆ پێشەوا برد. تۆنێک کاغەزی خەڵات کردین. کە هاتێشمەوە سابڵاغ قزڵجی دەگەڵ کۆنە مامۆستاکەم، سەید محەمەد حەمیدی کە سەرنووسەری ڕۆژنامە بوو، هاوکاری دەکرد. " هەڵاڵە " چوار ژمارەی دەرچوو.

هەژار.... چێشتی مجێور....، لاپەڕەی ٨٧

بەرەبەری نەورۆز " قزڵجی " و مام غەفور و من و هەمزە چوێنە گوندی ( ستیەک ). پاش دوو ڕۆژ میرزا رەحمان یەک باری کوتەکی کتێبی بۆ ناردین کە وەڕەز نەبین. کتێبی چۆن؟ هەر لە تالیفاتی مارکس و ئینگلسەوە تا خەتی منی هێتلەر، لە حەدیس و شەرعەوە تا تەرجەمەی کتێبی بێ شەرمانەی بازاڕیی " سان دۆنی " پاریسی، تا کەرامەتی شێخ حیسامەدین. خۆڵاسە ئەوەندەی دژ لێک کۆکردبۆوە کە باسی نەکرێ. ڕۆژانە من و هەمزە بە تفەنگێکی تاپڕی شێخەوە دەچوێنە ڕاو، سوێسکە و کۆتر و کەومان ڕاو دەکرد. قزڵجی لە ماڵەوە کتێبی دەخوێندەوە. شەو حاسڵی ڕاومان دەخوارد و گوێمان لە قزڵجی دەگرت کە وەک حکایەت خوانی لەزەبر، چی خوێندبۆوە دەیگێڕاوە.

شەوێک قزڵجی لە مەلا عەولای پرسی:

. ئەگەر کەرێک زۆریش تێر بێ، وێنجەی تەڕی بۆ بەرن نای خوا؟

. جا ئەوە پرسیاری دەوێ؟

. دە بڕوانە لەم کتێبەدا دەڵێ: شێخ حیسامەدین چوبووە باغێک، کەرێک لەوێ بەسترابۆوە، فەرمووی ئەو کەرە دەڵێ: برسیمە. وێنجەیان بۆ برد خواردی!

گوتی: چ سەگبابێک نووسیویە؟

. خەلیفە مەحمەوود.

. جنێو بە خەلیفە نادەم، بەڵام قسێکی بێ تامە!

چێشتی مجێور، لاپەڕەی ١٠٤

نانمان هەبوو، پێخۆرمان کەم بوو، ماست هەر دەس نەدەکەوت. ڕۆژێک دەگەڵ قزڵجی لەسەر مانای شیعرێک کێشەمان بوو،

قزڵجی گوتی: بە ماست، بە مریشک سوێند ئەخۆم قسەی من ڕاستە!

.یانی چی؟

.ئاخر ئەگەر ئەوانە موقەددەس نین بۆ کەس نایان خوا؟!

هەژار .... چێشتی مجێور ،،، ل... ١٠٦

* پەنامان بە مام و ئامۆزای قزڵجی برد ئامۆزاکەی جەمە نانێکی داینێ، مامیشی نسحەتی کردین بببنە واکسی لە بەغدا و ئیتر نەمان دێتنەوە. با خۆمان حەولی کار بدەین. ئوتێل دەری نەدەهێنا بەجێمان هێشت. کۆنە خانێک هەبوو بەناوی ( منزل السرور ) چەند وەتاغێکی شڕ و شەوێقی تێدابو، وەتاغێکمان مانگی بە دینارێک گرت. دوو تەختی هەرزانی نووستن مەنجێکیئەڵمونیوم، دوو قاپ و کەوچکێک کەتری و چادان و ئیستیکان ، تاوەیەکی قورکێشی بۆ جل شوتنمان کڕی، دامەزراین. وەتاغەکانی تەنیشتمان هەر یەکەی یەکی لە ئێمە بەدبەخت تری تێدا بوو. من کەرستەم لە بازار دەکڕی و قزڵجی ئاشپەز و چاپەز بوو. سەر و حەسیر و پەتوشمان هەبوو. بە قەولی قزڵجی" سیرمان دەخوارد و زوڕنامان لێ دەدا ". چێشتی هەرە خۆشمان یارەڵماسی و پیوازاو بوو.

بەیانیەک بە قرپ و هۆڕی پێکەنینی قزڵجی وەخەبەر هاتم:

.خێرە؟

.خەونم دیوە، کابرایەک لە خەوما گوتی: بۆ ناچنە مەرقەدی غەوس بۆکار بپاڕێنەوە؟

قزڵجیەک کە بە عومری خۆی عاقیدەی بەو شتانە نەبوو لەو ناچاریەدا تەواو دڵگەرمی خەونەکەی بوو. چوینە زیارەتی غەوس و پاراینەوە، بەهرەی نەدا. چەند رۆژێک پێ چو خەونێکی دیکەی دیبوو:

.کابرایەک لە خەوما گوتی: غەوس چکارەیە؟ بۆ ناچیە زیارەتی ئیمام موسا کازم؟

ناچاری هەمووکار بە پیاو دەکا. چوینە کازمین و داوای کارمان کرد، بەڵام لە گوڕانەوەدا بیست فلسی ئوتوبوسمان نەبوو. بە پیادەیی گەڕاینەوە بەغدا. ئیمامیش وەک غەوس گوی بە کڵاوی نەپیواین.

ل ...١١٥.١١٦

* ئامۆزایەکی قزڵجی شیرەشوانەی هێنابۆوە، دوکانوکێکی پەیدا کردبوو کە قزڵجی شەربەتی تێدا بفرۆشێ. بەختی قزڵجی لە تەنیشت ئەو ئوتێلێک دروست دەکرا کە پێشتی دوکانەکەی ئەو گیرابوو. کەسی پێدا رانەدەبرد. شەربەت گەرم دادەهات و سەهۆڵی تێ دەخرایەوە و بە نەفرۆشراوێ دەمایەوە، ئەویش چی لێ پەیدا نەبوو.

رۆژێک لە چێشتەنگاودا چومە لای قزڵجی، بۆ هەوەڵجار دیتم گریا بوو.

.خەبەر چیە؟

.کاکە ئەوە ژیان نیە، وەرە با بچینەوە سولەیمانی، هیچ نەبێ کوردستانە و ئاشنا و روشنایەکمان هەیە.

.تۆ خۆت دەزانی بەڵام هەر گا بیستەوە کەلاکێکی لە برسان مردویان لە کۆلانی بەغدا دیتەوە ئەوە بزانە منم. یان کار پەیدا دەکەم یان بە ناهومێدی سەر دەنێمەوە.

.ئێستا پوڵی قەتارم هەبا دەچوومەوە کوردستان.

ل ... ١١٩

* دێتە بیرم کە تازە دەگەڵ قزڵجی لە خانونەکەی بەغدا بوین. چوم برینج بکڕم، بەقاڵ گوتی: " شگەت ". بەغار هاتمەوە لە قزڵجیم پرسی، نەیزانی. خۆم گەیاندە مام ۆوسێن گوتی: یانی چەند؟ بە قزڵجیم گوت: ئەوە عەرەبی نیە گوخواردنە!

گوتی: برام ئێمە ئیحتیاجیمان بەو گوخواردنە هەیە !

ل ... ١٤٩

* قزڵجی لە خانێکی توتن و مازو کڕین لە لای عەبدول قادر ئەفەندیەک کاری دۆزیەوە، کەسێک " پیکەنینێ گەدا "ی خوێندبێتەوە سوزانی قزڵجی لەوێ چۆن ژیاوە و بۆچی دەرکراوە، بەیانی زوو من دەچوومە سەمونی گەرم و پێخۆر کڕین، زەبیحی چای لێ دەنا، قزڵجیش هەر خواردنی لەسەر بوو.

ل ... ١٧٩

* بەهۆی مستەفا کوێر ناوێکی بە چاوێک کە خۆی بە خزمی زەبیحی دەزانی، زەبیحی و قزڵجی لە کافە رستورانێکی هەرە بەناوبانگی بەغدایە، کە خاوەنەکەی عەبدوڵلا شەریفی کۆنە ساباڵاغی و میلیۆنیر بوو، بۆ نووسەر دامەزران.

ڵ .... ١٨٠

* زەبیحی و قزڵجی لە مەحەللاتی شەریف گیران و خرانە گرتوخانەوە. زوو ئیقراریان کردبوو کە ئیرانین. ئیتر عەبدوڵلا شەریف نەیتوانی بەریاندا، نزیک ساڵێک مانەوە و ئاغاکان زۆر مەردانە یاریدەدەی دەدان. دایاننەوە دەست ئیران.

سەردەمێک کە من شاگردی وەستا برایم بووم. قزڵجیش هاتۆچۆی عەکاسیەکەی دەکرد و فێری رتوش و وردەکاری تر ببوو. رۆژێک سەیدێکی جحێلیکەواشۆڕ لە دوکانی وەستا روی دە ئێمە کرد: برا من ناوم سەید ئیبراهیمی ... ئەگەر دنیا بو رێگەتان کەوتە قەسری شیرین سەرم لێ بدەن. لە هەر کەس بپرسن دەمناسن. عیراق لە خانەقینەوە داویانن بە پۆلیسی ئێرانی و رەسیدیان وەرگرتوە. لەو ساڵە حەبس و زۆر لێ پرسینەدا ناو تێکەلاوبوون. زەبیحی کە ناوی روالەتی قادرە سور و لە پاش گیران گوتویە عەبدورەحمان حەمەدەمینم،

ناوەکە بۆتە حەمەدەمینی قاڵەسوری سەعید رەحیمەکەی قزڵجیش کە دوایە بۆتەوە حەسەن عەلی، بۆتە عەلی رەحیمی سەعیدی. ئەم ناوانەش وەک دوو گوناحباری سیاسی لە دەفتەری سنورواناانی ئێرانی دا نیە. ئەوانیش وەک ئەو هەموو بۆیاغچیانە حیساب کراون کە پەستا عیراقی دەیان دەنەوە بە ئیران ئەوەشمان لەبیر نەچێ لەو چەند ساڵەدا زەبیحی و من زۆر باش فێرە عارەبی ببوین بەڵام قزڵجی هەرچەند مەلا بوو عەرەبی ناو کتێبی زۆر باش دەزانی ئێستا و ئیستاش وەک لازمە فێری عەرەبی بەغدایی نەبوو کە نەبوو . ئەگەر قسەی دەکرد دەتگوت پیرە مەلای عەجەمە و لەسەر مینبەر رەوزەخوانی دەکا! زۆر جار جوابی عەرەبانی بە کوردی دەداوە.

زەبیحی کوتی ئەو رۆژە کە داینینەوە بە ئێران سەرهەنگێکی زۆر بێ شەرمی قسەقوت بازجویی لێ دەکردین بە منی گوت: ئێوە چکارێکتان کردووە کە دەوڵەتی هاوسامانتان تورە کردوە؟

.جەناب ئێمە دەس فرۆشی ناو بازار بوین بێ خەتاین.

.باشە ئاغای سەعیدی تۆ قسە بکە.

.نەعەم؟!

سەرهەنگ هەر نەعەمی بیست، راستەوە بوو چەقەنەی لێ دەدا و قنگی بادەدا:

.ڤەن نەئەم! ئاغای ئێرانی، ئەم نەئەمەت لە کوێ هێناوە؟!

.کاکە قزڵجی گیان! تۆ بە کوردی جوابی عارەب دەدەیەوە، چۆن بو لێرە عەرەبیت هەستاوە کە گاڵتەمان پێ بکەن؟!

دەیان بەنە قەسری شیرین و دەیان خەنە گرتوخانەوە. ناوی سەیدەکەیان بیر دەکەوێتەوە لە پاسەوانێک دەپرسن: سەید فلان دەناسی؟ پاسەوان کرێوشێک دەبا و دەچێ بانگی ئەفسەرێک دەکا. ئەفسەر دەڵێ: بۆ چیتانە؟

.خزممانە!

.ئێمە خاک بەرپێی ئاغاین فەرموون بتان بەم.

سەید کە تۆمەز شێخی ئەهلی حەقە و زوربەی خەڵکی شار مریدتەتی دەڵی: بەڵێ خزمی منن. شیویان دەداتی و ئەفسەر ڕادەسپیری کە زۆری ئاگا لێ بن و دێنەوە گەتوخانە. بەیانی ئەو رۆژە دەیان هێنە کرماشان.

.کوتێان دەوی بتان بەین ئازادن.

.لە کرماشان دەمێنینەوە، خواحافیز!

به جوته دێنه تاران. دەچنه ماڵی عەولاغای ئیلخانی زادە کە پورزای قزڵجیه و زۆر نزیکه له دیوان.عەولاغا دەڵێ عیلاجتان نایه. بڕۆن خوبشارنەوە. قزڵجی بەرەو کرماشان بۆ لای سەعیدی حافیدی ئامۆزای که ( مودەعیل حام )بو دەڕوا.

ل ....٢٢٣. ٢٢٤

* دەگەڵ زەبیحی کەوتینه نیگەرانی، خوایه قزڵجی له ماوەی ئەم سێ ساڵەدا چی بەسەر هات؟ دەیانگوت بۆته فاڵچی له کرماشان، تور و گێزەر دەفرۆشی. سۆراغمان هەر نەکرد. دوای دوو مانگ کە هاتینەوە بەغدا، قزڵجی پەیدا بوو. کە دەگەڵ زەبیحی لێک هەڵبڕابون ببوە میوانی حافیدی ئامۆزای و خۆی گەیاندبوە هەڵەبجە. ئەو هەموو مابەینە بۆته سۆفیەکی ریش درێژ له تەکیەی شێخێک و نوشتەی لەباتی شێخ نووسیوە و نان و دۆی تەکیەی خواردوە. تاکودتای قاسم چەند مانگی بەسەردا تێ پەڕیوە، تازە وێراویە دەرکەوێ. دیسان سێ تفەنگدار گەیشتینەوە یەک!

ل ... ٢٨٣

له ساڵی ١٩٦١ دا بارزانی دەگەڵ قاسم تێک گیران و شەر هەڵگیرسا. قزڵجی زۆر دەترسا کە هەر چونکه بارزانی ئەوی بە دەوڵەت ناساندوە. بیگرن. منیش تازە له موسکو گەڕابومەوە حیزبی کمونیستی عیراق بە من و قزڵجی یان راگەیاند کە ئەگەر پێتان خۆش بێ له ئەلمان دادەمەزرێن و دەکرێنه مامۆستا له دانشگاه. من قبولم نەکرد و گوتم: ئەگەر ئەلمان بام و بارزانی له دەوڵەت هەڵگەراباوە، لەوێوە دەهاتمەوە.

قزڵجی قبولی کرد و ناردیان. بەڵام لەباتی ئەلمان بردیانە بلغاریا. وتاری تودەی دەکردە کوردی و دەگەڵ کەریم حیسامی تەسجیلیان دەکرد و لەسەر رادێو " پەیکی ئیران " له ئەلمانی رۆژهەڵاتەوە دەخوێندرایەوە. دەمێک بو رادێوکە نەمابوو، هیچ خەبەرمان له قزڵجی نەبوو. له پر سەر و کەللەی له تاران پەیدا بوو. کە پاش سەرکەوتینی ئینقلابی ئیسلامی دەگەڵ " ئیحسان تەبەری " هاتبووە. لەسەر رۆژنامەی مەردومی توده دامەزرا، بەشە کوردی یەکەی بۆ دەنوسین. جار جار دەهات له کەرەج سەری دەدام. چەند رۆژێک پێکەوە دەژیاین. بەڵام قەت ئادریس و تەلەفۆنی خۆی نەدامێ! حیزبی توده کردبویە کاندیدای بۆکان له ئینتخاباتدا، لەوی سەرنەکەوتبوو. تا لەپڕ خەبەر هات کە هەر کێ دەنکە خۆیەکی تودەی خواردوەگیراوە. بیستمانەوە کە قزڵجی دەگەڵ عەلی گەلاوێژ گیراون. تا له رۆژی ٢٧ی سپتامبری ١٩٨٤دا بیستمان کە له زیندانی ( ئەوین )دا وەفاتی کردوە و تەنانەت نەمانزانی قەبرەکەشی له کوی یە...

ل ... ٥٧٦

حەسەن کوڕی مەلا عەلی کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا عەلی کوڕی مەلا محەمەدی قزڵجییە، ساڵی ١٩١٤ لە شاری بۆکان لە دایک بووە. بە مناڵی خراوەتە بەر خوێندن، سەرەتا لای باوکی، دواتر لای مامۆستا مەلا محەمەد فەوزی و مەلا ئەحمەد تورجانیی مامی خوێندوویە. چەند شوێنێکی تری کوردستان گەڕاوە بۆ درێژەدان بە خوێندن. پاشان بووتەوە فەرمانبەر لە مەهاباد. پلەکەی گەیشتووەتە جێگری فەرمانداری مەهاباد.

کە کۆمەڵەی ( ژ.ک ) دامەزراوە، بووە بە ئەندامی بە ناوی نهێنی " ژیر ". چالاکانە کەوتووەتە کاری حیزبی، لە رۆژگاری حکوومەتی کوردستاندا لە مەهاباد، گۆڤاری " هەڵاڵە "ی وەک زمانی حالی لقی بۆکانی یەکەتیی جەوانانی دیموکراتی کوردستان دەرکردووە، وتاریشی بۆ کوردستان نووسیوە و وەرگێراوە. دوای ڕووخانی حکوومەتەکە پەریوەی دیوی کوردستانی عیراق بووە. و لە دێی ( سیتەک ) لای شێخ لەتیفی حەفید گیرساوەتەوە. لەوێ لەگەڵ " غەنی بلووریان "دا پێکەوە بلاوکراوەی " ڕێگا "یان دەرکردووە.

کاتێک مەترسی لە مانەوەیان کراوە، ناچار بووە بچێتە بەغدا. لەوێ کرێکاری و حەماڵی و شاگردی و دەستفرۆشی کردووە. پاش ماوەیەک گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، خەریکی فۆتۆگرافچێتی بووە، چووتەوە بۆ بەغدا لە رێستورانی عەبدوڵلا شەریف بووە بە کاتب. پۆلیس گرتوویە و نزیکەی ساڵێک لە زینداندا ماوەتەوە. نیسانی ١٩٥٤ حکوومەتی عیراق تەسلیمی ئێرانی کردووتەوە. بەڵام خۆی رزگار کردووە و گەڕاوەتەوە بح عیراق. ئەمجارە سێ ساڵ لە بازیان خەریکی تووتنەوانی بووە.


پاش ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە خۆوەشێری و ترس دەرباز بووە، لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا دەستی کردووە بە نووسین. ساڵی ١٩٦١ ڕووی کردووتە دەرەوەی عیراق لە بوڵگاریا جێگر بووە. لە رادیوی پەیکی ئێران دا کاری کردووە، ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ ' دۆکتور قاسملو و کەریم حیسامی "دا رۆژنامەی " کوردستان "ی دەرکردووە. ٢٦ ژمارەیان تا مارتی ١٩٧٠ لێ بڵاو کردووتەوە.ئەو ساڵانە بووە بە ئەندامی حیزبی توودەی ئێران. لەوێوە بابەتی بۆ گۆڤار و رۆژنامەی کوردیی عیراق ناردووە.

پاش رووخانی رژێمی شای ئێران گەراوەتەوە بۆ بۆکان بە وەزیفەی حیزبی توودە چووتە تاران. لە حدڤدەمین پلینۆمی توودەدا هەڵبژێردراوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، لە بەشی پێوونییەکانی دەرەوەدا دانراوە، ئەو سەردەمە، رۆژنامەی " نامەی مەردوم "ی وەک زمانی حاڵی توودە بە کوردی دەرکردووە. کە حکوومەتی جەمهووریی ئیسلامی ئێران بریاری نەهێشتنی توودەی داوە ١٩٨٣/٢/٥ دەستگیر کراوە. دوای چەند مانگێک ئەشکنجە و ئازار تشرینی دووەمی هەمان ساڵ کۆچی دوایی کردووە.

حەسەن قزڵجی وەک چیرۆکنووسێکی هەڵکەوتوو بوو، وتار نووسێکی سیاسی و شارەزایەکی زمانەوانی و رۆژنامەوانیش بوو، سەرجەمی بەرهەمەکانی کۆکراوەتەوە و بەر بەرکێک لە چاپ دراوە.

حەسەنی قزڵجی ١٣ وتار و بابەت بە دانان وەرگێرانەوە. یەکەم چیرۆکی خۆی بە ناوی ( فیلمی عاسمان لە سینەمای کوردستان )وە تێدا بڵاو بووتەوە.

سەرچاوەی ئەم نووسینە لە کتێبی رۆژنامەی کوردستان ، ئامادەکردنی رەفیق ساڵح و سدیق ساڵح.... بنکەی ژین ساڵی ٢٠٠٧.



وێنە: مامۆستا حەسەن قزڵجی